گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: 10.26750/2vgs7w47
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 10/12/2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 10/03/2024
ڕێـکەوتی بڵاو کردنەوە: 29/08/2025

# ڕەهەندە جیاواز و بنیاتنەرەکانی دیواربەندی سیرامیکی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستان

**سەلمان کیخسرو فتاح**[1] **نعیمە محمد عبداللە**[2]

salman.ceramic89@gmail.com naeema.abdula@univsul.edu.iq

[1+2]شێوەکاری، کۆلێجی هونەر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختەی توێژینەوە :** ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لە (ڕەهەندە جیاواز و بنیاتنەرەکانی دیواربەندی سیرامیکی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستان)، کە پێکدێت لەچوار بەش، بەشی یەکەم بریتییە لە تەوەرەکانی تایبەت بە چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە، کە پێکهاتوە لە (کێشەی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە، سنورەکانی توێژینەوە، پێناسەی چەمک و زاراوەکان) کە کێشەی توێژینەوە لە ڕێگەی چەند پرسیارێکەوە خراوەتەڕو ١- ئایا ڕەهەندە جیاوازو بنیاتنەرەکانی دیواربەندی سیرامیکی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستان، تاچەند توانیویتی ببێتە بابەتێکی کارکردن لای هونەرمەندانی کورد؟ ٢- ئایا توانایی پێکهاتەی دیواربەندی سیرامیک هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستان بە بەراورد بە بەرهەمە دیواربەندە جیهانیەکان لەڕوی هزری جوانیناسی دەرکەوتەی هونەری پیشاندەدات؟ بە ئامانجی ناساندنی ڕەهەندە جیاواز و بنیاتنەرەکانی دیواربەندی سیرامیکی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستان، بەشی دوەم کە چێوەی تیۆری توێژینەوەکەیە، کە باس لە مێژوی سەرهەڵدانی هونەری دیواربەندی سیرامیکی لە شارستانیەتی میسۆپۆتامیا و میسری کۆن و هونەری دیواربەندی سیرامیکی لە سەردەمی ئیسلامی، هەروەها باس لە تەکنیک و شێوازی دیواربەندی سیرامیکی هاوچەرخ دەکات. بەشی سێیەم توێژەران چەند نمونەیەکیان وەرگرتوە لە کارەهونەرییەکانی هونەرمەندانی هەرێمی کوردستان کە لەسەر دیواربەندی سیرامیکی کاریانکردوە، بەشێواز و میتۆدی زانستی خراونەتەڕو. بەشی چوارەم ئەنجام و دەرئەنجام و ڕاسپاردە و سەرچاوەکان خراونەتەڕو.

**کلیلە وشە:** ڕەهەند، دیواربەند، هاوچەرخ.

# Intellectual and Structural Dimensions in Contemporary Ceramic Murals in The Kurdistan Region

Salman Kaikhasraw Fatah[1] Naeema Mohammed Abdula[2]

[1+2]Department of Painting, College of Art, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

This research is dedicated to the study of the different dimensions and constructs of the contemporary ceramic murals in the Kurdistan Region ،which consists of four parts ،the first part is the topics related to the introductory part of the research. Each of the research problems ،importance of research ،research goals ،and research boundaries is presented. The short-term problem of the research based on these assumptions

1-Are the different dimensions and constructs of the contemporary ceramic murals in the Kurdistan Region working with the kurdish artists?

2- Is the ability of contemporary ceramic murals in the Kurdistan Region compared to the world's mural products in terms of aesthetic thought show the appearance of art? With the aim of introducing the different and constructive dimensions of contemporary ceramic murals in the Kurdistan Region.

Chapter two is the framework of the research theory ،which discusses the history of the emergence of ceramic mural art in the civilization of Mesopotamia and ancient Egypt ،and the art of ceramic murals in the Islamic world as well as the techniques and styles of contemporary ceramic murals. The third chapter of the researchers took samples of the artworks of artists from the Kurdistan Region who worked on ceramic murals ،presented in scientific methods and methods. Chapter four discusses the results ، conclusions ،recommendations and references.

**The key word:** Dimension, Mural, Contemporary.

**پێشەکی:** سیرامیک مێژویەکی دور و درێژی لە مێژوی مرۆڤایەتییدا هەیە و هەڵگری کۆمەڵێک کەلتوری جیاوازە، یەکێکە لە گرنگترین و دێرینترین داهێنانەکانی مرۆڤ، کە خزمەتێکی گەورە و گرنگی بە مێژوی مرۆڤایەتی و کۆمەلگە سەرەتاییەکان کردوە. شوێنەوارناسان بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە شوێنەوارە سیرامیکییەکان ئاشنای بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوریی قۆناغێکی مێژویی یان مێژوی نەتەوەیەک دەبن. هونەری سیرامیک بەگشتی و تەکنیکەکانی پێکهاتەی دیواربەند بەتایبەت بەیەکێک لە کۆنترین هونەرەکان دادەنرێت، کە مرۆڤ لەسەدەکانی مێژودا وەک ئامرازێکی دەربرین کارییێکردوە، لە ڕوی مێژوییەوە بەکۆنترین زمانی ئاخافتنی مرۆڤ دەستنیشاندەکرێت پێش ئەوەی زمانی قسەکردن بدۆزێتەوە لەسەرەتاکانی سەدەی یەکەمی شارستانیەکان، لە کۆنترین هونەرەکانە کە گوزارشتی لە چالاکییەکانی مرۆڤ کردوە. کاری سیرامیکی لە کوردستان مێژوییەکی کۆنی هەیە، بە لەبەرچاوگرتنی هەڵکەوتەی تایبەتی

جوگرافیای کوردستان و تێپەڕبونی شارستانییەتە کۆن و مێژوییەکان. دیواربەندی سیرامیکی بەشێکی گرنگ و تایبەتە لە هونەری سیرامیک و یەکێکە لە لقەکانی هونەری پەیکەرسازی و بەرهەمە قەبارەییەکان. دەتوانین بڵێین کە دیواربەندی سیرامیکی دۆخێکە لە نێوان پەیکەرسازی و نیگارکێشاندا. هونەرمەندان دیواربەندی سیرامیکی بەکاردەهێنن بەهۆی مانەوە و گشتگیربونی و توانای بەرگەگرتنی بارودۆخی ژینگەیی جیاواز، ئەمەش وایکردوە گونجاو بێت بۆ هەردو ڕوکاری ناوماڵ و دەرەوە، هەر ئەم توانای بەرگەگرتنەشی وایکردوە کە بە سەدان ساڵ بەم شێوەی ئێستا بمێنێتەوە و گرنگی تایبەتی هەبوە لەلای شارستانیەتە دێرینەکان. هونەری دیواربەندی سیرامیکی دەتوانرێت لە شوێنە گشتیەکان، بیناکان، پارکەکان و شوێنە تەلارسازییە جیاوازەکاندا نمایش بکرێت.

لەم توێژینەوەکەدا باس لە مێژوی هونەری دیواربەندی سیرامیکی کراوە لە دێر زەمانەوە تا وەکو ئێستا لە سەردەمە جیاوازەکان و شارستانیەتە جیاوازەکان، هەروەها بەشێوەیەکی گشتی ئاماژە بە گرنگترین ئەو تەکنیکانە کراوە کە هونەرمەندە هاوچەرخە سیرامیکییەکان کاری لاسار دەکەن بەگشتی و هونەرمەندە کوردەکانیش بە تایبەتی. هەروەها ئەوە خراوەتەڕو کە بەشێوەیەکی گشتی بەپێی سەردەمە جیاوازەکان و پێویستییەکانی مرۆڤ هونەر بەردەوام لە گۆڕانکاری و لە خزمەت مرۆڤایەتیدا بوە لە بوارە جیاجیاکاندا، هونەری سیرامیک بەتایبەتی بۆ چەندین سەدە وەک میدیایەک بۆ لایەنی پێویستیەکانی مرۆڤ بەکارهاتوە ئەمە سەرەڕای گێڕانەوەی ڕوداوە جیاوازەکانی ژیان و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوە:

### ١-کێشەی توێژینەوە:

دیواربەند سیرامیکی لەڕوی بەکارهێنانییەوە پەیوەستە بە جۆرایەتی لە مەتریالی بەکارهێنراو، تەکنیکەکانی کارکردن وشوێنی پیشاندان بەشێوەیەکی گشتی لەناوەوە بێت یان دەرەوە، پێویستە دراسەیەکی ورد بکرێت بۆ جۆری ماتریاڵی بەکارهاتو وەک (جۆری گڵ و خشت و کاشی ) و یەکەی پێکهینان و پرۆسەی سورکردنەوەو شوشەکردن، هەروەها دیواربەندی سیرامیکی لەڕوی هونەرییەوە بەیەکێک لەکایەکانی هونەری شێوەکاری دادەنرێت، زۆرترین بڵاوبونەوەی هەیە لە مێژوی کۆن و نوێدا، لێرەدا دەمەوێ هەڵهێنجانێک بۆ ئەو جیاوازیە بنیاتنەرانە بکەم کە لە دیواربەندی سیرامیکدا بەدیدەکرێت، دەمەوێ کورتەی کێشەی توێژینەوەکە لە ڕێگەی ئەم پرسیارانەی لای خوارەوە بخەینەڕو:

١- ئایا ڕەهەندە جیاواز و بنیاتنەرەکانی دیواربەندی سیرامیکی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستان تاچەند توانیویتی ببێتە بابەتێکی کارکردن لەلای هونەرمەندانی کورد؟

٢- ئایا توانایی پێکهاتەی دیواربەندی سیرامیکی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستان شوێن پێی بەرهەمە دیواربەندە جیهانیەکان هەڵگرتوە لە ڕوی هزری جوانیناسی دەرکەوتەی هونەری پیشاندەدات؟

### ٢-١ گرنگی توێژینەوە:

بەمشێوەیە دەتوانین گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەدا بەرجەستە بکەین:

١-تیشک دەخاتە سەر بارودۆخی هونەری دیواربەندی سیرامیکی لە هەرێمی کوردستان.

٢-ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوە لەوە دەکات، کە چۆن هونەرمەندان دیواربەندی سیرامیکییان بەکارهێناوە بۆ دەربڕینی بیرۆکە هونەرییەکانیان و نوێنەرایەتیکردنی سیرامیک و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگا.

٣- ئەم توێژینەوەیە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی ڕۆشنایی بخاتەسەر گرنگترین تەکنیکە سیرامیکیە هاوچەرخەکان لە لای هونەرمەندانی جیهان و کوردستان بەتایبەتی.

٤-ئاشناکردنی خوێنەری کورد بە مێژو و تەکنیکی سیرامیکی هاوچەرخ.

## ١-٣ ئامانجی توێژینەوە:

ناساندنی ڕەهەندە جیاواز و بنیاتنەرەکانی دیواربەندی سیرامیک هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستان.

## ١-٤ سنوری توێژینەوە:

سنوری بابەتی: ڕەهەندە جیاوازە بنیاتنەرەکانی دیواربەندی سیرامیک هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستان.

سنوری شوێن: هەرێمی کوردستان/ عێراق.

سنوری کات: لەنێوان ٢٠١٥ تا ٢٠١٧.

## ١-٥ پێناسەی زاراوەکان:

### ١- ڕەهەند (البعد) (Dimension)

### پێناسەی زمانەوانی:

ڕەهەند: پێچەوانەی دوریە، بە بڕوای پێشینان کورتترین ماوەی نێوان دو شتە، ڕەوانبێژان مەودایان کردوە بە درێژکردنەوەیەکی خەیاڵی کە بەسەر فۆڕمدا سەپێنراوە. (صلیبا، ١٩٧٧، ١٣٧)

### پێناسەی زاراوەیی:

بریتییە لە بڕی ڕاستەقینە کە لەلایەن خۆیەوە دیاری دەکرێت، یان بە شتێکیتر، بڕێکی پێوانەکراو یان شێوە (وەک هێڵێک یان پێوانەیەک)، وەک ڕەهەندی تەنێک. (صلیبا،١٩٧٧، ١٣٧).

### پێناسەی کرداری:

لە چوارچێوەی دروستکردنی دیواربەندی سیرامیکدا، زاراوەی "ڕەهەند" ئاماژەیە بۆ قوڵی و قەبارە و پەیوەندی بۆشاییەکان لەناوکارە هونەرییەکەدا. لەکاتی ڕەچاوکردنی کاریگەری ڕەهەندەکان لە دروستکردنی دیواربەندی سیرامیکدا، زۆر گرنگە سەرنج بدەینە کە چۆن بنەما جیاوازەکانی وەک پێکهاتەی ساو، ڕەنگ، فۆرم و دیدگا کارلێک دەکەن بۆ دروستکردنی پێکهاتەیەکی سەرنجڕاکێش و جوڵەیی(دینامیکی) لە ڕوی بینراوەوە.

### ٢- دیواربەند (جدارية) (Mural)

## پێناسەی زمانەوانی:

دیواربەندی(mural) دەگەڕێتەوە سەر وشەی لاتینی (murus) کە بە واتای دیوار دێت. بۆیە لێرەدا بە واتای هەر دیکۆرکردنێک دێت ڕاستەوخۆ لەسەر دیوار. بەگشتی کاری قەبارە گەورەن، زۆر کات دیوار و سەقف و زەویش دەگرێتەوە بە هۆکارێکی ستاتیکی بێت یان هەر مەبەستێکی دیکە. هەندێک جار کارەکان لە نێو ستۆدیۆی هونەرمەندا ئەنجام دەدرێت و پاشان دەلکێنرێت بە دیواری ناوە و دەرەوەی بیناکان. (احمد، شوان محمد. ٢٠٢٣، ١٤٩)

## پێناسەی زاراوەیی:

دیواربەندی یەکێکە لە بوارەکانی هونەری شێوەکاری، لە هەندێک لە سەرچاوە تایبەتمەندەکاندا بەناوی (mural painting) هاتوە بە واتای کێشانی وێنە لەسەر دیوار بۆ مەبەستی هەمەجۆر، لەوانە تۆمارکردن بێت یا هێمایی(symbolic)، لەوانەیە تەنها بۆ مەبەستی جوانی بێت. بەشێوەیەکی گشتی هونەری دیواربەند پەیوەستە بە ویژدانی مرۆڤەوە بۆ ئەوەی گوزارشت لە پێکهاتەکانیتر بکات کە بنەچەکەی لە پاڵنەر و سەرچاوەی زۆرەوە وەردەگرێت. (نادر، فەرەیدون عومەر. ٢٠٢٣، ١٣).

## پێناسەی کرداری:

دیواربەندی سیرامیکی هاوچەرخ بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەیە بۆ کارێکی هونەری کە پێکهاتەکەی گڵەو بە سەرجەم قۆناغەکانی بون بە سـیرامیکدا تێپەڕدەبێت، زۆرجار لەلایەن هونەرمەندان و دیزاینەرانی مۆدێرن دروسـتکراوە. ئەم دیواربەندە ڕەنگاوڕەنگانە دەتوانرێت وەک ڕەگەزە دیکۆراتییەکان لە فەزای تەلارسازیدا بەکاربهێنرێت، چ لە ژورەوە و یان لە دەرەوە، دەتوانن بابەتگەلێکی جۆراوجۆر وێنابکەن، لە نەخشـە ئەبسـتراکتەکانەوە تا دیمەنە واقیعییەکان و زۆرجار بە خواسـتی خۆیان دیزاین دەکرێن بۆ ئەوەی لەگەڵ ژینگەیەک یان بابەتێکی دیاریکراودا بگونجێت، لایەنە پراکتیکییەکانی دیواربەندە سـیرامیکییە هاوچەرخەکان بریتین لە ڕەچاوکردنی وەک دانان، چاککردنەوە و مانەوە، هەروەها ئەو توخمە هونەری و جوانکاریانەی کە دەیکەنە زیادکردنێکی ناوازە و کاریگەر بۆ فەزایەک.

## ١- هاوچەرخ (معاصر)(Contemporary)

## پێناسەی زمانەوانی:

- بەواتای "ئێستا، پەیوەست بە کاتی ئێستا و پلانی داهاتو". (عبد العزيز، خيرية محمد، ٢٠٢٢، ٣٩٩).

- "هاوچەرخ ئاوەڵناوێکە، بە مانای هاوچەرخ، ژیان، ڕودان". (تۆفیق، هونەر محمد.٢٠٢٣، ٩).

- لە پێناسەیەکی تردا هاوچەرخ" لە کاتی ئێستادا هەیە، یان ڕودەدات". (هەمان سەرچاوەی پێشو).

## پێناسەی زاراوەیی:

- ئەو ماوە زەمەنییە دەگرێتەوە کە تیایدا دەژین شـانبەشـانی سـەرجەم ئەو ڕوداو و بارودۆخانەی لە بوارەکانی ژیاندا ڕوبەڕوی دەبینەوە، هەروەها کاریگەرییەکانی ژینگەیی و دەرونی و سـیاسی و ئاینی و کاردانەوەیان لەسـەر بەرهەمە هونەرییەکان. (عبداللە، محمدنعیمە. ٢٠٠٧، ٩).

- هاوچەرخ وەچەرخانێکی عەقڵانییە کە کار لەسەر دامەزراندنی ئازادی خود دەکات لە ڕێگەی دەستبردن بۆ بابەت بون لە ڕێگەی پرۆسەی زانست و تەکنیکی سەردەم و کارکردن لەسەر تاقیکردنەوە و پشکنین لە ڕێگەی فەلسەفەوە پشت بەست بە یاسا و ڕێسا و نەریتیەکانی بون.(عینایەت، سروشت عومەر. ٢٠١٧، ٨)

## پێناسەی کرداری:

هونەری هاوچەرخ چەمکێکە بەکاردێت بۆ جۆرێک لە هونەر لە ئێستادا، لە لایەن هونەرمەندانەوە کاری بۆ دەکرێت کە پەیوەستن بە پرسەکانی ئەمرۆمانەوە و ئامادەییان هەیە لە ئێستادا، ئەمەش زۆرجار دەربارەی بیرۆکەکان و خەمەکانە، نەک تەنها لایەنی جوانکاری (ئیستاتیکا) شێوەی کارەکە، هونەرمەندان ڕێگەی هەمەجۆر بەکاردەهێنن لەگەڵ بیرۆکەکانیان و چەندین شێواز، میدیۆم و کەرەستەی جیاواز بۆ کارە هونەرییەکانیان.

## بەشی دوەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە:

## توێژگەی یەکەم: مێژوی سەرهەڵدانی هونەری دیواربەند (دیواربەندی سیرامیکی):

هونەری دیواربەندی یەکێکە لە دێرینترین هونەرەکان کە هەمیشە بە نزیکی لەخەڵکەوە تایبەتمەندە، دیواربەندی هەمیشە میرات و مێژو ئەندێشەی گەلان دەخاتەڕو، بەو پێیەی هەڵگری پەیامی ڕۆشنبیری وجوانیناسیە، هەروەها دیواربەندەکان بەرهەمێکی دیکۆمێنتارییە، کە ڕوداوەکانی ڕابردو ئێستاو دەهێنێتەوە یادو بیر لەداهاتو دەکاتەوە، هەر لەسەرەتای مێژووەوە دیواربەندە وەک تۆمارێکی بەڵگەنامەی بوە بۆ تۆماری هەمو ئەوکار و چالاکیانەی مرۆڤایەتی کە لە ژیانی ڕۆژانەدا پێیدا تێپەڕیوە.

بەکارهێنانی دیوارە ڕەنگاوڕەنگەکان وەک جۆرێک لە دەربڕینی هونەری مێژوییەکی دور و درێژ و دەوڵەمەندی هەیە، سەرچاوەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ شارستانیەتی میزۆپۆتامیا کە لانکەی شارستانیەت بو. شاهیدی سەرهەڵدانی داهێنانی جۆراوجۆری هونەری و تەلارسازی بو، لەوانەش دروستکردنی دیواربەندی سەرسورهێنەر کە دیواری پەرستگا و کۆشک و پێکهاتە گرنگەکانی دیکەی دەڕازاندەوە. لەلایەکی دیکەوە هەڵکەوتەی ژینگەی و جوگرافیای میزۆپۆتامیا لەباربو بۆ دۆزینەوە و ناسینی گڵێنەسازی بەزوی، بەکارهێنانی بۆ دروستکردنی قاپ و قاچاخ و کەلوپەلی بەردەستی ڕۆژانە، پاشان لەگەڵ گەشەکردنی شارەکان و دروستبونی شارستانیەتی سۆمەری تەلارسازی پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی، ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنای خشتی سیرامیکی بۆ دروستکردنی کۆشک و پەرستگاکان، ئەمەش ڕێخۆشکەر بو بۆ دروستبونی چەند جۆرێکی دیواربەندی سیرامیک کە بەکارهاتون بۆ ڕازاندنەوەی کۆشک و بیناکان.

یەکەم بەرهەمی هونەری ناوازەی دیواربەندی سیرامیک و مۆزایکیش لە سەردەمی هاوشێوەی مێژوییدا لە پەرستگای وەرکا لە شاری بابل دۆزراوەتەوە، جۆرێکی نوێ بو لە نەخشاندنی تەلارسازی کە بە مۆزایکی ڕەنگاوڕەنگ ئەنجام بدرێ، ئەم پیشەسازییە دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دوەمی هەزارەی چوارەمی پێش زایین، خەڵکی وەرکا زۆر کاریانکردوە بۆ دروستکردنی هەزاران پارچە سیرامیکی قوچەکی کە ڕوکاری دەرەوەیان پێ ڕازاندوەتەوە، (بارو، اندرية. ١٩٨٠، ١١٥)، سەرەتا دیواری پەرستگاکە لە ناوەوە بە چینێکی ئەستوری قوڕ ڕوپۆشکراوە، پاشان شێوە قوچەکیە سیرامیکییەکانی لەسەر چەسپێندراوە بە نەخشێکی تایبەت، ئەمەش ڕوبەرێک دابیندەکات بۆ نەخشاندن پاشان بیریان کردەوە بەشی سەرەوەی ئەم قوچەکە سیرامیکیانە بە ڕەنگی ڕەش و سور و سپی ڕەنگ بکەن، بەشێوەیەک کە تەنها سەریان دەردەکەوێت، بەو پێیەی شێوەی شکاو یەکتربڕو و پێچاوپێچ و لە بزینەیی و سێ گۆشە دروست دەکەن کە ڕوی دیوارەکە دادەپۆشن، ئەم مۆزایکە

قوچەکیانە لە شێوەی سێگۆشەی ڕەش لە سەر ڕوبەکی سێگۆشەی سپی ڕێکخراون هەمویان بە هەمان ڕیتم دەجوڵێن بۆ ئەوەی چاوبتوانێت ئەو دیمەنی جوڵەیە بخوێنێتەوە کە هاوشێوەی هونەری بینەییە.(صاحب، زهير. ٢٠٠٤، ٢١٥). بڕوانە شێوەی ژمارە(١) و (٢).




شێوەی ژمارە(١) شێوەی ژمارە(٢)

یەکێکی دیکە لە شوێنەوارە دێرین و مێژویەکانی وڵاتی میزۆپۆتامیا شارستانیەتی بابلی مێژوییە کە لەناوەڕاستی سەدەی حەوتەم تاکو ناوەڕاستی سەدەی شەشەمی پێش زایین دروستکراوە ئەم شارە بەتەلارسازی دیواربەندە هونەرییەکانی بەناوبانگە بەتایبەت دیواربەندە سیرامیکیەکانی. دەروازەی عشتار یەکێکە لە دەروازە بەناوبانگەکانی ئەم شارە کە شەقامێکی گەورەو فراوان بەم دەروازەدا تێپەڕ دەبێت بە شەقامی کاروان ناسراوە، لەڕاست و چەپی ئەم دەروازەیە چوار دیوار بونی هەیە، کە بەخشت دروستکراون، پشتێنێک بەبەرزی یەک مەتر بەم دیوارانەدا درێژدەبێتەوە کەلەخشتی شوشەکراوی ڕەنگدار دروستکراوە، ڕەنگەکان بریتین لە ڕەنگی پیرۆزەیی و شینی کاڵ و شینی تۆخ، لەسەر ئەم دیوارانە کۆمەڵێک شێر دروستکراوە کە ژمارەیان شەست شێرە لە بەشی ڕاست و چەپەوە دروستکراون، پێوانەی شێرەکان یەکسانن و بە ڕەنگە جیاوازەکانیان لە یەکتر جیادەکرێنەوە، سپی لەگەڵ زەردو قاوەیی سورباو. (فارس، شمس الدين. ١٩٨٠، ٣٠-٣١)، بڕوانە شێوەی ژمارە(٣) و (٤).




شێوەی ژمارە(٣) شێوەی ژمارە(٤)

شارستانیەتی میسری کۆن یەکێکە لەو شارستانیەتە کۆنانەی کە کاری دیواربەندی ناوازەی تیادا نەخشێنراوە، زۆربەی کارە دیواربەندیەکانی ئەم دەوڵەتە پەیوەندیان بە تەلارسازییەوە هەبوە لە ماڵ و گۆڕو پەرستگاکاندا، بەو پێیەی هونەرمەندی میسری کۆن کاری دەکرد بۆ ئەوەی وێنە دیواربەندیەکان بە دیوارە تەلارسازییەکانەوە ببەستنەوە، وە هەمیشە بە دوای شێوازێکدا دەگەڕان بۆئەوەی سەقامگیری بۆ وێنەکێشانەکانیان مسۆگەر بکەن.

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی پەرەسەندنی خشت و قاپ و قاچاخ و گۆزەی سیرامیک لە میسری کۆن، هەبونی پاشماوەی گڵین بو بەدرێژایی ڕوباری نیل، کە میسرییە کۆنەکان بە ئاسانی دەستیان بە گڵی کوالیتی بەرز دەگەیشت، کە وەک کەرەستەی سەرەکی بۆ دروستکردنی خشت و گۆزە کاریان پێدەکرد، هەروەها ڕوبارەکە ئامرازێکی گواستنەوەی بۆ ئەو کەرەستە خاوانەی کە پێویست بون بۆ بەرهەمهێنانی سیرامیک دابین دەکرد.

بۆیە میسرییە کۆنەکان لە ئارەزوی ڕازاندنەوەی تەلارسازییەوە پەرەیان بە دروستکردنی کاشی و خشت داوە، قاڵبی جیاواز و تێکەڵکردنی دو ڕەنگیان بۆ ڕازاندنەوەی دیواربەندەکان بەکارهێناوە، ڕەنگە یەکەم بەکارهێنانی کاشی سیرامیک لە بیناکاندا ئەو کاشیانە بوبێت کە ڕوکاری دیواری ژورەکانی **هەرەمی زوسەری**[1] لە سەقارە داپۆشیوە، کە تێبینی بەکارهێنانی کاشی سیرامیکی شین دەکەین کە ناوەوەی هەرەمەکەی بە ڕیز و بە شێوەی ستونی پێڕازێنراوەتەوە.(انور، ولاء جمال، ٢٠١٩). بڕوانە شێوەی ژمارە(٥)و(٦).


شێوەی ژمارە(٥)


شێوەی ژمارە(٦)

قەبارەی ئەم کاشیانە (٣,٨-٦سم) بو، کە لەکوارتز و خۆڵ دروستکراون، مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بنەماڵەی سێیەم ٢٦٠٠ ساڵ پێش زاین، ئەم کاشیە وردانە ڕەنگی پیرۆزەیی و سەوزی شینباویان هەیە، کە ئەم ڕەنگە هەڵگری پەیامێکی ڕۆحی بو، پەیوەندی بە ژیانی فەرمانڕەواکان و ژیانی دوای مردنیانەوە هەبوە. یەکێکی ترلە پاشماوە دیواربەندە سیرامیکیەکان بریتییە لە کاشیەکی سیرامیک کە شێوەی گوڵی لەسەرە لە ناوچەی تەل عەمارینە دۆزراوەتەوە، دروستکردنی ئەم کارە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بنەماڵەی هەژدەهەم، ١٣٣٥-١٣٥٢ پێش زایین، کە نمونەی بەشێکە لەو دیواربەندە سیرامیکیەی کە لەسەر دیوارێکی گڵین لە کۆشکی گەورەدا دروستکراوە، ئەم کاشیە سیرامیکیە بە شوشەیەکی سەوز کاڵ شوشە کراوە کە یازدە گوڵی سپی و زەردی لەسەرە لەگەڵ پشتێنێک لە گوڵی لۆتزی شوشەکراو کە ئەمانیش بەشێکن لەو پاشماوە دۆزراوەی دیواربەندە سیرامیکەکەیان پێکهێناوە. (محمد، منی فتحی. ٢٠٢١). بڕوانە شێوەی ژمارە(٧)و(٨).


شێوەی ژمارە(٧)


شێوەی ژمارە(٨)

سەرەتای سەرهەڵدانی هونەر و هونەری دیواربەندی لە شارستانیەتی ئیسلامیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەوتەم، لەگەڵ فراوانبونی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی و بڵاوبونەوەی ئیسلام، نەریتە هونەرییەکانی ناوچە ئازادکراوەکان لەگەڵ جوانیناسییە ئیسلامییە ناوازەکان تێکەڵ بون و فۆرمێکی هونەری ئیسلامی جیاوازیان لێکەوتەوە، لە سەدەی هەشتەم و نۆدا هونەری دیواربەندی لە شارستانیەتی ئیسلامیدا دەستی بە گەشەکردن کرد، گرنگیدان بە وێنەکێشانی دیواربەند لای موسوڵمانان لە سەردەمی ئەمەوییەکانەوە دەستپێکرد و گەشەیکرد، تا ئێستاش هیچ بەڵگەیەک نەدۆزراوەتەوە، کە موسڵمانان پێش سەردەمی ئەمەوییەکان هونەری دیواربەندیان پراکتیزە کردبێت، بۆیە مێژونوسان لەسەر ئەوە کۆکن کە یەکەمین نمونەی نیگارکێشانی مۆزایکی ئیسلامی ئەو تابلۆ دیواربەندە مۆزایکیانەن کە (قبة الصخرة)ی لە قودس ڕازاندۆتەوە، دیوارەکانی ناوەوەی بە مۆزایکی شوشەیی ڕەنگاو ڕەنگ داپۆشراوە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەمەوییەکان. (محمد، برکات سعيد. ٢٠٠٨، ٦٨). بڕوانە شێوەی ژمارە(٩) و (١٠).





شێوەی ژمارە(١٠) شێوەی ژمارە(٩)

سەرهەڵدان و گەشەکردنی دیواربەندی سیرامیکی بە تەکنیک و شێوازی سیرامیک و مۆزایکی سیرامیکی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەوڵەتی عەباسی، لە عێراق لەسەردەمی خەلافەتی ئەماندا ئەم هونەرە شاهیدی قۆناغی جیاوازی گەشەسەندن بون، لەسەرەتاوە خشتی یەک ڕەنگی شوشەکراو لە ڕوپۆشکردنی قوبەو منارەکاندا بەکاردەهێنرا، بە شارەزا بون لە ڕیزی خشتی ئاسایی شوشەکراو ڕێکخستنیان بەشێوەیەکی گونجاو بە سروشتێکی ئەندازیاری، کە لەماوەی سەدەی چوادەیەمی زایینیدا زاڵ بوەو بە ڕونی لە منارەی مزگەوتی (الكواز) لە بەسرە دەردەکەوێت. (عوديشو، وسام مرقس. ١٩٨٧، ٥٩). بڕوانە شێوەی ژمارە(١١)و(١٢).





شێوەی ژمارە(١٢) شێوەی ژمارە(١١)

لەسەردەمی خەلافەتی عەباسیدا ستایلێکی نوێ لە هونەرو پیشەسازی مۆزایک بەناوبانگ بو، ئەویش مۆزایکی سیرامیکی بو، کە پێکدێت لە کۆمەڵێک پارچەی بچوک بە شێوەو قەبارەی جیاواز لە سیرامیک کە بە شوشەی ڕەنگاورەنگ ڕوپۆشکراون، بە مادەی لکێنەر بەیەکەوە بەسراونەتەوە و کەلێن و بۆشایی نێوانیان پڕکراوەتەوە، ئەم جۆرە بۆ ڕازاندنەوەی قوبە و منارە و میحراب و دیوار و ڕوکاری مزگەوتەکان بەکاردەهاتن، ئەم شێوازە لە ژمارەیەکی زۆر لە شارەکانی ژێر دەسەڵاتی عەباسیدا بڵاو بوەتەوە، نمونەی ئەم شێوازە میحرابێکە لە مۆزەخانەی لەندەن لە بەریتانیا نمایش کراوە کە بە مۆزایکی سیرامیکی ڕەنگاورەنگ ڕازاوەتەوە. (جوهر، عبیر عبدالله شعبان. ٢٠١٧، ١١). بڕوانە شێوەی ژمارە(١٣).



شێوەی ژمارە(١٣)

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە تەکنیکەکانی دیواربەندی مۆزایکی سیرامیکی لە تەلارسازی ئیسلامیدا بە هەمو جۆرەکانیەوە بە یەکێک لە دەسکەوتە هونەریە گرنگەکان دادەنرێت کە ناوبانگێکی بەرفراوانی پەیدا کرد و بەکارهێنانی بڵاوبویەوە، جا چ لە دامەزراوەی ئاینی یاخود مەدەنیدا تا لە سەدەکانی ناوەڕاست گەیشتە ڕۆژئاوا.

## توێژگەی دوەم : تەکنیک و شێوازەکانی دیواربەندی سیرامیکی هاوچەرخ

تەکنیکی سیرامیکی: کۆمەڵێک پرۆسە و شارەزایی پەیوەندیدارە بە بەرهەمهێنانی کارێکی سیرامیکی، بە هەڵبژاردن و ئامادەکردنی ماددەکە دەستپێدەکات و بەناو پرۆسەکانی پێکهێنانی سیرامیک و بەها جوانیناسی و دەربڕینخوازی و تەکنیکیەکاندا تێدەپەڕێت.(عباس، علی خالد. ٢٠١٣، ٣١٥).

کەواتە دەستەواژەی تەکنیک تەنیا لە کاری دەستی یان بەرهەمێکی هونەریدا سنوردار نییە، بەڵکو مانای زۆر لایەنی پرۆسەی داهێنەری هونەرمەند دەگەیەنێت، لە چەمکی بیرۆکەی هونەرییەوە دەستپێدەکات تا بەدیهێنانی کارەکە لە شێوەی کۆتایدا، بەم پێیە ئەم پرۆسەیە کاریگەری لەسەر هۆشیاری هونەرمەند هەیە کە بە ئەزمون و لێهاتویی و کلتوری خۆی نوێنەرایەتی دەکرێت، لە ڕێگەی ئەوەوە دەتوانێت بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی ئەو ماددە تایبەتە بدات. بۆ هونەرمەندی سیرامیکیش تەکنیک پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، هەر لە سەرەتای هەڵبژادنی بیرۆکەی کارەکەی و پرۆسەی ئەنجامدان و جێبەجێکردن، کارلێککردن بەردەوام دەبێت لە ڕێگەی ئەو تەکنیکەی کە بە هۆیەوە کۆنترۆڵی ماددەکە دەکات بۆ گەیشتن بە داهێنانی بیرۆکەکەی.

گەشەسەندنی تەکنەلۆژیا یارمەتی سیرامیکسازانیدا کە سیرامیک لە کەرەستەیەکی خاوەوە بگۆڕێت بۆ مادەیەکی داهێنەرانە، بۆ گەیشتن بەشێواز و تەکنیکەکانی بنیاتنانی دیواربەندی سیرامیکی پێشکەوتو لەگەڵ بنیاتنانی هونەرێکی هاوچەرخی سیرامیکی، بە سودی وەرگرتن لە گشت شێواز و ڕێگاکانی بنیاتنانی دیواربەند کە بە جۆرێک لە هونەرمەندێکەوە بۆ هونەرمەندێکی تر دەگۆڕێت، لە شێوازی کەرەستەی بەکارهێنان لە جۆری گڵی تایبەت بە پێکهاتەی دیواربەند وشێوازی

دروستکردن و جێبەجێکاری دیواربەندی لە جۆری کاشی و قالب یان فەرشکردن، کە بە یەکێک لە باشترین ڕێگاکان دادەنرێت لە ڕوی ئەنجامدان و بنیاتنانی پێکهاتەی شێوەی دیواربەندی گونجاو لەگەڵ تەکنیکی خستنەڕو بە شێوەیەکی تاکەکەسی خۆیان دەربیڕێت.

دیواربەندی سیرامیکی کاتێ بە خشت و کاشی تەخت دروست دەکرێت ڕوکارەکانیان بەشێوەیەکی دیاریکراو ڕەنگ دەکرێت، ئەوە هاوشانی وێنەکێشانی دیواربەندی ئەڕوات، واتە لێرەدا کار لەسەر شێوە دەکات و دو ڕەهەند خۆی دەخاتەرو. بەڵام کاتێک کە خشتەکان یان کاشیەکان لەسەر ڕوی کارە دیاریکراوەکە بەرز و نزم دەکات دەتوانین وەک فۆڕم پۆلێنی بکەین و هاوشانی پەیکەری هەڵتۆقیو ببینین، واتە سێ ڕەهەندە ئەمە لە کاتێکدا کە زۆرکات ڕەنگیش دەکرێت. لە نمونە دیارەکانی دیواربەندی سیرامیکی ڕوتەخت کارە بەناوبانگەکەی هونەرمەندی ئیسپانی **خوان میرۆ**[2]**یە** کە لە نێوان ساڵانی(١٩٥٧-١٩٥٩)، دو دیواربەندی سیرامیکی شوشەکراو دروست دەکات بۆ بینای یونسکۆ لە شاری پاریس لەژێر ناوی (دیواری مانگ) و (دیواری خۆر)، لەم کارەدا درک بە ئیستاتیکی وێنە کێشان دەکرێت و جەخت لەسەر دو ڕەهەندێتی وێنە دەکرێتەوە هاوشانی تەلارەکە. لەگەڵ ئەوەی خوان میرۆ وەک وێنەکێشێک مامەڵەی لەگەڵ ئەم دیواربەندەدا کردوە بەڵام ئیستاتیک و سیفەتەکانی شوشەی سیرامیکی تەواو بەرجەستە کردوە لە چەندین شێوەی ئەبستراکت و ڕەنگی گەشتدا. کارەکە لەسەر چەمکی ئازادی و ئاشتی دروست کراوەکە، کە هاڕمۆنێتێک لە سروشت پیشان دەدات. (احمد، شوان محمد. ٢٠٢٣، ١٥٠) بڕوانە شێوەی ژمارە(١٤) و (١٥).




شێوەی ژمارە(١٥) شێوەی ژمارە(١٤)

خستنەڕوی شێوازێکی نوێ و جیاواز لە تەکنیک و کارە دیواربەندە سیرامیکییەکانی هەردو هونەرمەندی ئەمریکی (هیلدرێس مێر و وایلاند گریگۆری)، کاریگەری گەورەیان لە سەر پەرەپێدانی سیرامیکی هاوچەرخی ئەمەریکی دانا، ئەمانە بە هونەرمەندانی پێشەنگی ئەم قۆناغە دادەنرێن، خانمە هونەرمەندی سیرامیکی ئەمریکی **هیلدرێس مێر**[3] بە بەکارهێنانی داهێنەرانە لە شوشە و شێوازی ناوازەی ئارت دیکۆر ناسراوە. مێر پێشەنگ بو لەدۆزینەوە و گەڕان بەدوای کەرەستەی نوێدا، لەدیزاینکردن شێوازی جۆراوجۆر لە کاشی سیرامیکی شوشەکراو تا کانزا و مینای تێکەڵاو، شوشەی ڕەنگاوڕەنگ و مۆزایک و مەرمەڕ، یەکێک بوە لە یەکەمین ئەو هونەرمەندانەی کە کۆمپرێسەر بەکارهێناوە بۆ شوشەکردن لە کاری دیواربەندی سیرامیکدا، هەروەها کارەکانی بە یەکێک لە گرنگترین کارە هونەرییەکانی سەدەی بیستەمی ئەمریکی دادەنرێت، و کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر پەرەپێدانی سیرامیکی ئەمریکی هەبو، زۆرجار کارەکانی ئیلهامیان لە بزوتنەوەی ئارت دیکۆ وەرگرتوە، کارەکانی ڕەنگدانەوەی مۆدێرنیتە بوە لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠ – ١٩٣٠، لە گرنگترین کارەکانی بریتییە لەو دیواربەندە ڕەنگاوڕەنگەکەی بە ناوی (تەندروستی و خۆشگوزەرانی) جێبەجێی کردوە، سەرجەمی کارەکەی لە دە بەش پێکهاتوە، بە پێوانەی (هەشتا و یەک) پێی بەگڵی تێراکۆتا ئەنجامدراوە ، تەکنیکی کارەکە بە شێوەی هەڵتۆقیو و ڕوچاڵ

جێبەجێ کراوە و شوشەی ڕەنگاوڕەنگ بەکارهاتوە بۆ ڕەنگکردنی. (سەرچاوەی ئەنتەرنێت ١) بڕوانە شێوەی ژمارە(١٦)و(١٧)و(١٨).





شێوەی ژمارە(١٦) شێوەی ژمارە(١٧) شێوەی ژمارە(١٨)

هاوکات هونەرمەند پەیکەرساز و سیرامیکسازی ئەمریکی **وایلاندگریگۆری**[4]کارە سیرامیکییەکانی گریگۆری بە گرنگترین کارەکانی سەدەی بیستەمی ئەمریکی دادەنرێت. لە ڕوی گەورەی دیواربەندەکانیەوە، لەگرنگترین کارەکانی ئەو هونەرمەندە دیواربەندەکەی بە ناونیشانی (دیموکراسی لە کرداردا) کە لە دوانزە پارچە کاشی تێراکۆتا پێکهاتبو، تەوەری بابەتی کارەکە بریتییە لە دەستگیرکردن و دادگاییکردن و دڕندەیی پۆلیس، نائارامی کۆمەڵایەتی و خۆپیشاندان و ئاگرکوژێنەوە، تەکنیکی کارەکە لەسەر شێوازی فەرشکردن بەقالب بۆ دروستکردنی دیوارێکی (تقلیدی)، جێبەجێکردنی وێنەیی کارەکە بە تەکنیکی پەیکەری هەلتۆقیو ئەنجامدراوە، لە گڵی تێراکۆتای ڕەنگاوڕەنگ بە پێوانەی چواردە ئینج بە جۆرێک لە شوشەی پلەی گەرما بەرز لە نێوان (١١٠٠-١٢٠٠) پلەی سەدی ئەنجامدراوە. (سەرچاوەی ئەنتەرنێت٢) بڕوانە شێوەی ژمارە(١٩) و (٢٠).




شێوەی ژمارە(١٩) شێوەی ژمارە(٢٠)

یەکێک لە تەکنیکە بەکارهێنراوەکان لەسەر ڕوکاری بەرهەمی دیواربەندی سیرامیکی بریتییە لە چاپی سکرین، کە هونەرمەندی بواری سیرامیك لە سەرەتادا بە شێوەی وێنەکێشان فورمەکانیان دەنەخشێنن پاشان هەنگاوەکانی تەکنیکی گرافیك جێبەجێ دەکەن، دواتر لەسەر ڕوی جەستە سیرامیکەکان چاپی دەکەن. لە نمونەی ئەو هونەرمەندانەی بەم تەکنیکە کاریان کردوە (پۆڵ سکۆت و خوان فۆنتکویێرتاوە)ە. **پۆڵ سکۆت**[5]هونەرمەندێکی سیرامیکی بەریتانییە و بە بەکارهێنانی داهێنەرانەی تەکنیکەکانی چاپکردن لەسەر سیرامیک ناسراوە، زیاتر ڕەنگی شین بەکاردێنێت لە چاپکردنەکانیدا. ناوەرۆکی کارەکانی بریتین لە تەحەدای تێڕوانینەکانمان بۆ جیهانی دەوروبەرمان و هاندانمان بۆ بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی سەردەم و کاریگەری پیشەسازی و تێکچونی ژینگە لەسەر دیمەنی سروشتی و ڕۆڵی میدیا لە دارشتنی تێڕوانینەکانمان بۆ جیهان. (سەرچاوەی ئەنتەرنێت٣) بڕوانە شێوەی ژمارە(٢١) و(٢٢).



شێوەی ژمارە(٢١)



شێوەی ژمارە(٢٢)


لە یەکێک لە کارە هونەرییەکانیدا هونەرمەند ئیسپانی **خوان فۆنتکوبێرتا**[6]هەستاوە بە دروستکردنی دیواربەندێکی سیرامیکی بە ناوی (کوریۆسا مێرافیگلۆسا، Curiosa Meravigliosa) کە فۆتۆ- مۆزایکێکی گەورەیە و بە کاشی سیرامیکی چاپکراوی دیجیتاڵی دروستکراوە، بەم کارەی یەکێک لە باشترین تەکنیکە هاوچەرخەکانی سیرامیکی نمایش کرد، تەکنیکی کارەکە بریتییە لە چاپکردنی وێنە لەسەر سیرامیک، ئەم شێوازە لەکارکردن مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم، هەرچەندە ئێستا بە تەکنەلۆژیا مۆدێرنەکان نوێکراوەتەوە. بەرزی ئەم کارە١٦مەتر و درێژیەکەی ٦مەترە و لەسەر بینای (دی موسێی-dei Musei) دروستکراوە، لە زیاتر لە (١٢)هەزار وێنەی چاپکراوی دیجیتاڵی لەسەر کاشی گەورەی سیرامیک پێکهاتوە. (سەرچاوەی ئەنتەرنێت٤) بڕوانە شێوەی ژمارە(٢٣) و (٢٤) و (٢٥).



شێوەی ژمارە(٢٣)




شێوەی ژمارە(٢٤)




شێوەی ژمارە(٢٥)

**مۆنیکا رودکویست**[7]هونەرمەندێکی سیرامیکیە و بە کارە شێوە خولگەییە جیاوازەکانی ناسراوە و بە پلەی یەکەم بە گڵی پۆرسەلین کاردەکات، کارەکانی بریتین لە دیواربەندی گەورەی سیرامیکی و بە شێوازی هونەری ئینیستلەیشن کاردەکات، بۆ فۆڕمی کارەکانیشی سود لە پارچە کارە فڕێدراوەکان وەردەگرێت کە لەسەر ویل دروست دەکرێن، یەکێک لە دیارترین ئینیستلەیشنەکانی دیواربەندی (بەیەگگەیشتن)ە، کارەکە لە نزیکەی(١٠٠٠) لولەکی پۆرسەلینی فڕێدراو و کۆکراوە پێکهاتوە کە دیوارێکیان داپۆشیوە کە درێژییەکەی(٢٤) پێ و بەرزییەکەی (٨) پێیە، لێکدانەوەی هونەری ئەم کارە لە چەند تەوەرێک خۆی دەبینێتەوە کە بریتییە لە پێکەوەگرێدانی ژیان و گرنگی کۆمەڵگا، و خۆڕاگری ڕۆحی مرۆڤ و هێزی چاکبونەوە، و جوانی و ئاڵۆزی سروشت. (سەرچاوەی ئەنتەرنێت٥) بڕوانە شێوەی ژمارە (٢٦) و (٢٧).

شێوەی ژمارە(٢٦) شێوەی ژمارە(٢٧)

کارەهونەرییەکانی هونەرمەند **تۆم ڕادکا**[8]بە دیواربەندی کاشی و دەفری گەورە و تەکنیکی شوشەکردنی جیاوز و سەرنج ڕاکێش ناسراوە، وە زۆرێک لە فۆڕمی دەفرەکانیشی بە ویلی کارەبایی بەرهەم دەهێنێت و هەروەها شێواز و تەکنیکی ناوازەو جۆراوجۆری شوشەکردن بۆ ڕوپوشی پارچە سیرامیکەکانی بەکاردەهێنێت، کە هەندێکیان بە ڕێکەوت یان لەڕێ تەجروبەی زۆر و بەردەوام پێیگەشتوە و بەدرێژایی ساڵانێکی زۆر پەرەی پێداوە. شێوازی کارەکانی بریتین لە ڕێگاکانی بەکارهێنانی شوشە و چۆرانەوەی شوشەکە لە کاتی پرۆسەی جۆشداندا. هونەرمەند بەرهەمە هونەرییەکانی لەناو کورەی گازیدا جۆش دەدات، ئەمەش وای کردوە کە کاتی نزیک بونەوە لە کۆتایی  پرۆسەی جۆشدان هەندێک لە ماددە سوتێنەرەکان تێکەڵ بە ژینگەی کورەکە بکات. لەئەنجامدا پرۆسەیەک بەرهەم دەهێنێت کە ناوی دەنێت (نیگارکێشان بە ئاگر)، بە گشتی کارە سیرامیکەکانی ڕادکا کارێکی هونەری ناوازەی (ئەبستراکتی دەربڕینخوازین)، لە کۆمەڵێک ڕووەوە هاوشێوەی کارەکانی (جاکسۆن پۆلۆک)ە، کە تێیدا ڕەنگ بە شێوەیەکی بەرواڵەت هەڕەمەکی دەپرژێنێتە سەر ڕوی کاشیەکانی وە هەستکردن بە جوڵە و نەبونی یەک خاڵی سەرەکی لە تابلۆکانیدا بینەر والێدەکات لە هەمو لایەکەوە چاوبخشێنێت بەسەرجەم بەشەکانی کارەکانیدا، بۆیە بەکارهێنانی کەرەستە و تەکنیکە نەریتییەکان لە لایەن هونەرمەندەوە نمونەیەکی جوانە  بۆ دروستکردنی دیواربەندی سیرامیکی هونەری هاوچەرخ. (سەرچاوەی ئەنتەرنێت ٦) بڕوانە شێوەی ژمارە(٢٨) و (٢٩).




شێوەی (٢٨) شێوەی (٢٩)

هونەرمەندانی هاوچەرخ بەردەوام  لە گۆرانکاریدان بۆ گەیشـــتن بە نوێترین تەکنیک و شـــێوازی کارکردن لەنێو ڕوتەخت  و پانتاییە  دیواربەندە ســـیرامیکیەکانیاندا  لەڕوی بەکارهێنانی مەتریال و خامەی جۆراوجۆر وەک بەشـــێکی سەرەکی لەبەدەستهێنانی کاریگەریی ئیستاتیکی و هونەری گواستنەوەی بەهای جوانی لە پێکهاتەی دارشتنی دیواربەندێکی هونەریدا وەک دەســـتکەوتێکی هونەریی هونەرمەندانی  ســـیرامیکســـازان  لە ڕوانگەیەکی بابەتییەوە هەمو بەرهەمە هونەرییەکان لەخۆدەگرن، لەگەڵ تەواوی ڕۆڵی هونەرمەند و تایبەتمەندییەکانی لە بواری ســـیرامیکدا، بۆ بە ئەنجام گەیاندنی دیوابەندیەک کە ئازادیەکی تەواوی هەیە بۆ پەیڕەوکردنی شـــێوازێکی هونەری، تەکنیک، مەتریال و ماددەیەکی

دیاریكراو، یان تەنانەت چەندین شێواز و كەرەستە و تەكنیك تێكەڵ بكەن جگەلە توخمەكانی دیكە كە بە ناڕاستەوخۆی ئاشنایە پێی، وەک هێڵ، ڕەنگ، ئاراستە، پێكهاتە و شێوە، هەوڵدان بۆ گەیشتن بە حاڵەتێكی هاوئاهەنگی و ڕێكوپێک كە لەكۆتایدا دیواربەندە ســیرامیكییەكە كاردانەوەو كاریگەرییەكانی لەســەر هەســت و دەروونی وەرگرەكە دەبێت، لەڕوی پیشــاندان و خســتنەرو لەكاتی نمایشــكردنی كارەكە لە ناو هۆلێكی داخراودا بێت یان لە ژینگەیەكی كراوە، كە دەبێتە بەشـێک لە و پەیوەندیە هونەرییەكە هونەری سـیرامیک لەگەڵ تەلارسـازیدا دروسـتی دەكات بەشـێوەیەكی دولایەنە لەڕوی دیزاین تەكنیكی كارە هونەرییەكە.

## بەشی سێیەم

## بەجێهێنان و ڕێكارییەكانی توێژینەوەكە.

### ١-كۆمەڵگەی توێژینەوە:

توێژەر لە توێژینەوەكەیدا سەرنجی خستوەتە سەر ژمارەیەک لەو كارە هونەرییە دیواربەندە سیرامیكیانەی كە لەگەڵ سنوری توێژینەوەكەدا گونجاون، بە جۆرێک كە (٣) كاری هەڵبژاردوە لە هەرێمی كوردستان، لە نێوان ساڵانی (١٩٨٨-٢٠٢٠) كە لەگەڵ سنوری كاتی توێژینەوەكە گونجاون، دەستنیشانكردنی ئەم ڕێژە كارە هونەرییانە دەگەرێتەوە بۆ كەمی هونەرمەندان لەم بوارەدا لە جیهان و بە تایبەتی لە هەرێمی كوردستاندا.

### ٢- نمونەی توێژینەوە:

توێژەر لەم توێژینەوەدا (٣) كاری هونەری دیواربەندی سیرامیكی هەڵبژاردوە بۆ شیكاركردن، بە چەشنێک كە لەگەڵ تایبەتمەندییەكانی توێژینەوەكەدا بگونجێت. بە جۆرێک كە لە شیكردنەوەی كارەكاندا پشتی بەستوە بە پێوەرە ئاماژەكان لە ڕوی فۆرم، تەكنیک، بارستایی، دارشتن و ڕەنگ، ئەمەش لە پێناو خستنەڕوی ڕەهەندە جیاواز و بنیاتنەرەكانی دیواربەندی سیرامیكی هاوچەرخ لە هەرێمی كوردستاندا.

### ٣- ئامرازی توێژینەوە:

بۆ گەیشتن بەئامانجی توێژینەوەكە و دەرخستنی ڕەهەندە جیاواز و بنیاتنەرەكانی دیواربەندی سیرامیكی هاوچەرخ لە هەرێمی كوردستاندا توێژەر پشت بەستە بەو پێوەر و ئاماژانەی لەنێو كۆی چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەكە پێی گەیشتوە، كە پشت بەمیتۆدی وەسفی شیكاری دەبەستێت، كە توێژەر بە شێوەیەكی گشتی باس لە هەریەكە لە كارە هونەرییەكان دەكات لە ڕوی(چاوپێخشاندن، سیستمی كۆمپۆزشن، تەكنیكی خستنەڕو، ژێدەر و واتا، ڕێباز و ستایل).

### ٤- ئامرازی كۆكردنەوەی زانیاری:

توێژەر بۆ كۆكردنەوەی زانیاری و نمونەكانی توێژینەوەكە پشتی بەستەوە بە گەڕان بە دوای سەرچاوە تایبەتەكانی توێژینەوەكە لە كتێبخانەكان و ماڵپەرە ئەلیكترۆنییەكان و گۆڤارەكان و هەروەها سەردانكردنی گەلەری و پێشانگاكان و سەردان كردنی مەیدانی بۆ لای هونەرمەندەكان، لە پێناو كۆكردنەوەی دروستترین و باشترین زانیارییەكان كە هاوكاری باشتركردنی توێژینەوەكە دەدەن.

### ٥-میتۆدی توێژینەوە:

توێژەر لەشیکردنەوەی نمونەکانی توێژینەوەکەیدا میتۆدی (وەسفی شیکاری) بەکارهێناوە، بە شێوەیەک کە ورد و زانستی بێت بەهۆی گونجانی تایبەتمەندییەکانی ئەو میتۆدە لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکە و ئامانجەکانیدا.

**شیکردنەوەی نمونەکان:**

**شێوەی یەکەم**:

**ناوی هونەرمەند** : دانا صلاح الدین شریف

**ناوی کارەکە:** جەنگ

**ساڵی بەرهەمهێنان:** ٢٠١٥

**پێوانە:** ٢٠٠x١٠٠سم

**خاوەندارێتی:** کۆڵێکشنی هونەرمەند



لە چاوپیاخشاندنی کارەکەدا ئەوە دەبینین کە ئەم کارە هونەرییە پێکهاتوە لە فۆرمێکی لاکێشەیی نارون لەڕوی سنوری کۆتایی لاکێشەکەوە، واتا سنورەکانی کۆتایی لاکێشەکە دیاریکراو نین، پێکهاتەی گشتی کارە هونەرییەکە بریتییە لە هەشت بەشی هاوشێوە لە پێوانە و تا ڕادەیەک جیاواز لە ڕوی فۆرمەوە، هەر بەشێک لەم بەشانە پێکهاتوە لە کۆمەڵێک بارستایی و فۆرمی هەڵتۆقیوی جیاواز و سەربەخۆ، لە هەندێ شوێنیشدا تەواوکەری فۆرمەکانی بەشەکانی دیکەن لە هەندێک لەم بەشانەدا چەند تێکشکانێک بەدی دەکەین لە پێکهاتەی گشتی فۆڕمەکەدا، کە دەتوانین بە فۆڕمی نیمچە دیاریکراو ناویان ببەین لەبەر ئەوەی سنوری فۆرمەکان بە تەواوی دیاریکراو دەستنیشانکراو نین، و تێکشکان هەیە لە سنورەکانیاندا کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گونجاندنی فۆرمی گشتی کارە هونەرییەکە لەگەڵ کۆنسێپتی کارەکەدا.

فۆرمەکانی نێو ئەم هەشت پێکهاتەیە فۆرمی جیاوازن بە شێوەیەک کە لە هەندێک بەشدا شێوە ڕوخسار بەدیدەکەین. هەروەها لە چوارگۆشەی دوەمی بەشی ڕاست لەلای خوارەوەی شێوە چەکێک دەبینین، کە بەرەو ڕوی سەرەوە هەڵکشاوە و لە چوارگۆشەی سەرەوەی خۆیدا کۆتایی هاتوە، سەرجەمی ئەم بەشانە لەسەر ڕوکاری قوماش جێگیرکراون بە شێوەیەک کە لە کۆتاییەکانی کارە هونەرییەکەدا بە ڕونی ئەم پارچە قوماشە بە دیار دەکەوێت، هەروەها لە چەند بەشێکی نێوان سنوری ئەم هەشت بەشانەشدا بە هەمان شێوە ئەم پارچە قوماشە دەبینین سیستەمی کۆمپۆزشنی کارەکە بە شێوەیەکی لاکێشەی لەباری ئاسۆیی بونیاد نراوە بە شێوەی دارِشتنی کراوە واتە سنورەکانی کۆتایی کارە هونەرییەکە بە تەواوی دەستنیشاننەکراوە و بەکراوەیی بەجێماوە، ئەمەش سیستەمێکی کۆمپۆزشنی دیارە کە وا لە بینەر دەکات ببێت بە بەشێک لە کارە هونەرییەکە و خۆی کارە هونەرییەکە تەواو بکات، هاوسەنگییەکی تەواو هەیە لەم کارە هونەرییەدا لەڕوی سیستەمی کۆمپۆزشنەوە ئەویش بە هۆی تێکشکاندنی تایبەت لە کارەکەدا لە ڕوی سەرەوە و درێژبونەوەی بەرەو لای خوارەوە هەروەها بارستایی بەشەکانی سەرەوە لەگەڵ بەشەکانی خوارەوەدا.

ژێدەری کارەکە دەتوانین بگەڕێننەوە بۆ ژێدەری جەنگ و ئاسەوار و کاریگەرییەکانی پاش جەنگ ئەویش بە هۆی بونی کۆمەڵێک فۆرمی تایبەتی و شێوە ئەندازەیی و نیمچە ئەندازەییەوە، کە سەرجەمیان ئاماژەن بۆ بابەتی جەنگ و کاولکارییەکانی پاش جەنگ، لەم کارە هونەرییەدا هەست بە کۆنتراست دەکەین لە نێوان فۆڕمەکاندا و بە تایبەتی لە نێوان سپەیسەکانی نێو کارە هونەرییەکە و فۆرمی شێوە فیلمێک کە دەکەوێتە بەشی ناوەڕاستی لای خوارەوەی کارە هونەرییەکە،

لەبەر ئەوەی ئەم دو فۆڕمە لە ڕوی ژێردەرەوە تا ڕادەیەک کۆنتراستن بەوەی کە دەتوانین بڵێین کە سپەیسەکان ئاماژەن بۆ ڕوداوە تۆمارنەکراوەکان، و فۆڕمی فیلمەکە ئاماژەیە بۆ ڕوداوە تۆمارکراوەکانی جەنگ و پاشماوەکانی دوای جەنگ، بەڵام لە ڕوی ڕەنگەوە کارەکە هارمۆنییە لە نێوان ڕەنگە تاریک و مەیلەو قاوەییەکاندا، ئەم کارە کارێکی ئەبستراکتی دەربڕینخوازیە، هونەرمەند لە ڕێگەی بەکارهێنانی فۆڕمی تایبەتەوە بەشێوەی ئەبستراکت هەوڵی داوە تەعبیر لە ڕوداو کاولکارییەکانی پاش جەنگ بکات.

تەکنیکی کارەکە بریتییە لە شێوازە نەریتییەکانی هونەری دیواربەندی سیرامیکی کە ئەویش فەرشکردن و پاشان ئێزافکردنی فۆرم و دروستکردنی یەکەکانی نێو ڕوکاری کارەکە لە ڕێی هەڵکۆڵین و بڕین دەستنیشانکردنی سنورەکانی هێڵکارییەکانی نێو کارە هونەرییەکەیە، وەک هەمیشە ماتریاڵی بەکارهاتوی سەرەکی کارەکە بریتییە لە گڵی سیرامیکی (ئێرسن وێر) پاش وشکردنەوە ئەنجا فەخرکردنی کارەکە لە پلەی گەرمی(٩٥٠-١٠٠٠) دواجار ڕوپۆشکردنی بە ئۆکسیدی ئاسن و پاشان سورکردنەوەی لە بۆشایی پلە و بەبێ بەکارهێنانی شوشە.

**شێوەی دوەم:**



**ناوی هونەرمەند:** نزار هادی

**ناوی کارەکە:** بێ ناونیشان.

**ساڵی بەرهەمهێنان:** ٢٠١٦

**پێوانە:** ٦٠x٤٠ سم

**خاوەندارێتی:** کارگەی کلتوری لە شاری سلێمانی

ئەم کارە هونەرییە بریتییە لە بارستاییەکی لاکێشەیی لەسەر باری ستونی کە پێکهاتوە لە دوانزە چوارگۆشەی بچوکی سەربەخۆ، هەر یەکێک لەم چوارگۆشانە بە ڕەنگی جیاواز و پێکهاتەی جیاواز نمایشکراون، کە هەریەکەیان خۆیان بۆ خۆیان پێکهاتەیەکی سەربەخۆن و سەرجەمیان پێکەوە تەواوکەری یەکن و ڕوکاری سەرەکی کارە هونەرییەکە پێکدەهێن. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە فۆڕمەکان ئەم کایە هونەرییە فۆڕمی جیاواز و سانان جگە لە سێ فۆڕم کە لە شێوەی ماسی دەچن.

لە ڕوی داڕشتنەوە ئەم کارە داڕشتنێکی سنوردارکراوی شێوە ئەندازەیی هەیە، بە جۆرێک کاری تێدا کراوە کە هەر بەشێک بە جیا داڕشتنێکی سەربەخۆی هەیە و بە تەنها کارێکی هونەری تەواو نیشان دەدات، بەڵام پێکەوە دانانی ئەم بەشانە لە تەنیشت یەک و بە شێوەی ئەندازەیی وای کردوە کە کارێکی هونەری تەواو بەرجەستە بکەن، و ئەمەش هاوسەنگیەکی تەواوی بە کارەکە بەخشیوە لە ڕوی داڕشتنەوە، بە هۆی کارکردنی یەکسانی هونەرمەند لە سەرجەم بەشەکانی کارەکەدا، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی خاڵی سەروەری لەم بەرهەمە هونەرییەدا دەتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ ئەو جیاوازییە ڕەنگیانەی کە هونەرمەند بە مەبەست لە بەشە جیاوازەکانی کارەکەدا بەرجەستەی کردون، کە وا لە چاوی بینەر دەکات بەردەوام لە جوڵەدا بێت، وە ئەم کارە بە ڕونی کۆنتراستی پێوە دیارە لە ڕوی ڕەنگ و فۆڕمەوە، بەوەی کە دەتوانین ڕەنگە جیاوازییەکانی تێدا ببینین هەروەها لە ڕوی فۆڕمەوە دەتوانین فۆڕمە ئەندازەیی و هێڵی نەرم و جیاوازی تێدا بدۆزینەوە، بەڵام بە شێوەیەکی

گشتی فۆرمەکان زیاتر فۆرمی جوڵاون و ئەمەش جوڵەیەکی دینامێکی بە کارەکە بەخشیوە و هەر ئەمەش بۆتە خاڵی بەهێز لەم کارە هونەرییەدا.

دەستنیشانکردنی ژێدەر ڕەنگە تارادەیەک نارون بێت ئەویش بەهۆی ئەوەی کە کارەکە بێ ناونیشانەو ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە دیاریکردنی کۆنسێپت بگەڕێتەوە لای بینەر، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ژێدەری کارەکە خۆی دەهاوێتە نێو بابەت سروشتییەکان و گەڕانەوە بۆ سروشت بە تایبەتی بابەتی ڕوەکی و دەریایی، ئەویش بە هۆی هەبونی فیگەری جیاواز و تایبەت کە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ بابەتی زیندەوەری ئاوی و ڕوەکی، ئەمانەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە ژینگەوە.

ڕەنگە بینگەی هونەرمەند بۆ بەرجەستەکردنی ئەم کارە پەیوەست بێت بە باگراوندی هونەری هونەرمەندەوە، بەوەی کە خوازیار بوە کارەکە بەشێوەیەکی سانا و دور لە ڕێبازی ڕیالیزمەوە بەرجەستە بکات و کەمتر گرنگی داوە بە وردەکاری و ئەم شێوازە کارکردنەش لە قۆناغی مێژوی دێرین و هونەری هاوچەرخدا کاری لەسەر کراوە، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین کە ئەم کارە هونەرییە لە ڕوی ڕێباز و ستایلەوە لە بینگەیەکی ئەبستراکتی دەربڕینخوازیەوە بەرجەستە کراوە، کە ئەمەش پەیوەستە بە ناوەڕۆکی کارەکەوە، تیایدا هونەرمەند پەنای بردوەتە بەر جۆرێک لە سادەکردنەوە و ئیختیزالکردن لە فۆڕمەکاندا.

تەکنیکی کارکردن لەم بەرهەمە هونەرییەدا بریتیە لە فەرشکردن بە گڵی (ستۆنوێر)، و بڕینی فەرشەکە و دابەشکردنی بۆ دوانزە کاشی پێوانە یەکسان پاشان نەخشاندنی چەند هێڵکارییەک لە ڕێگەی لێگرتن و خستنەسەر و ڕوشاندن لە هەندێک پانتایی دا و پاش وشکردنەوەی لە کەشێکی گونجاودا، خراوەتە فرن بۆ سورکردنەوەی لە پلەی گەرمی (١١٥٠) دواتر بە شوشەی مات سەرجەم ڕوکاری کارەکە ڕوپۆشکراوە کە ساوێکی تارادەیەک سافی بەخشیوە بە ڕوکاری کارەکە، بە تایبەت لە ڕەگەزە بۆشاییەکاندا کە ئەمەش بۆتە هۆی بەرجەستە بون و زیاتر سەرکەوتنی فۆڕمەکان.

**شێوەی سێیەم:**

**ناوی هونەرمەند:** ڕۆژگار کەمال عەبدوڵا



**ناوی کارەکە:** هێڵەکانی ڕۆژگار لە گەردونی ژیانەوە.

**ساڵی بەرهەمهێنان:** ٢٠١٧

**پێوانە:** ٣٨٠x١٢٠ سم

**خاوەندارێتی:** پارکی ئازادی شـــاری سلێمانی

لە چاوپیاخشاندنی کارە هونەرییەکەدا ئەوە بەدی دەکەین کە ئەم کارە پێکهاتوە لە هەشت پارچە سیرامیکی هاوشێوە لە ڕوی فۆرم و جیاواز لە پێکهاتەوە، کە سەرجەمیان بە یەک پێوانە و لە یەک ئاستدان و لەسەر دیوارێکی شێوە لاکێشەیی نمایشکراون، سەرجەم ئۆبجێکتەکانی ئەم کارە بە یەک ڕەنگ ڕوپۆش کراون، کە ئەویش ڕەنگێکی سەوزی تۆخە، سەرجەم ڕوکاری بەشەکان بە کۆمەڵێک هێڵ و ئاماژەی تایبەتی هەڵتۆقیو داپۆشراون، کە لێرەدا هونەرمەند زۆر بە کارامەیی بە هۆی بەکارهێنانی ئەو ڕەنگە تۆخەوە توانیویەتی ئەم هێڵە بەرجەستانە دەربخات و هەستێکی قوڵی زیاتر لای بینەر دروست بکات، لە ڕوی هێڵکاری و جێبەجێکردنەوە کارەکەوە تارادەیەکی زۆر هەوڵیداوە خۆی بەدوربگرێ لە تەکنیکە سیرامیکیە نەریتیەکان، بۆیە هەنگاوی ناوە بەرەو ڕێبازە هونەرییە هاوچەرخەکان، لە ڕوی بەکارهێنانی فۆرم و کۆنسێپتەوە، بە جۆرێک

بینەر ئازادە لە شێوازە جیاوازەکانی هەڵسەنگاندن و دەربڕین سەبارەت بە کارەکە، کە ئەمەش یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی هونەری هاوچەرخ، هەروەها لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێڵی چەماوەوە گوزارشتی لە کارەکەی کردوە، و هارمۆنییەکی تەواوی بە کارەکە بەخشیوە لە ڕوی فۆرم و پێکهاتەوە، ئەمەشی بەشێوەی ئەبستراکتی ئەندامی نەخشاندوە، لە پێناو دروستکردنی هارمۆنی لە نێوان پێکهاتەی شێوەکان و سروشتدا.

ئاوێتەکردنی کاری هونەری لەگەڵ سروشتدا ئەو شێوازە کارکردنەیە کە لە زۆربەی کارە هونەرییەکانی ئەم دواییانەی هونەرمەندا بەدی دەکرێت، لەم کارەدا دەتوانین بە ئاسانی هەست بە بونی جوڵە بکەین بە هۆی ئەو هێڵە هارمۆنیانەوە کە بەشێکی سەرەکین لە پێکهاتەی کارەکەدا، ئەمەش وا لە بینەر دەکات کە بەردەوام بابەت و ئۆبجێکتی نوێ ببینێت لە کارە هونەرییەکەدا، هاوشێوەیەکی تەواو لەم کارەدا بەدیدەکرێت لە ڕوی فۆرم و ڕەنگ و پێکهاتەوە بە تەواوی، هاوکات هاوکاری ژێدەری سەرەکی کارە هونەرییەکە بکات، کە ئاماژەیە بۆ سروشت و تێکەڵبون لەگەڵ توخمە سەرەکییەکانی نێو سروشت و ئاوێتەکردنیان لەگەڵ هونەری دیواربەندی سیرامیکیدا، کەوا بەدیاردەکەوێت کە هونەرمەند لە ژێر کاریگەری بابەتی سروشت ئەم کارەی ئەنجام دابێت، وەک هەوڵێک بۆ تۆمارکردنی کاریگەرییەکانی سروشت لەسەر کۆمەڵگا بە شێوەی بینراو لە ڕێگەی کاری هونەری سیرامیکیەوە.

لە ڕوی دارشتنەوە دەتوانین بڵێین کارەکە دابەشبوە بۆ دو بەش، بەشی یەکەم لەو هەشت لاکیشە پێکدێت کە لە باری ستونی جێگیر کراون، و پێکەوە دارشتنێکی شێوە لاکێشەییان لەباری ئاسۆیی بە کارەکە بەخشیوە، بەشی دوهەم پێکهاتەکانی نێو هەر یەکە لەو هەشت بەشەیە کە دارشتنێکی هارمۆنی و گۆڕاوی شێوە ئەندامی و ئاراستەکراویان بەرەو دیوی دەرەوەی کارە هونەرییەکە نیشانداوە.

تەکنیکی کارکردن لەم بەرهەمە هونەرییەدا بریتییە لە فەرشکردن و پاشان هەڵکۆڵین و لێگرتن لە پێناو دەرخستنی ڕوکارە هەڵتۆقیوەکان، گڵی بەکارهاتو لەم کارەدا بریتییە لە گڵی (عەکاشات) و پاشان سورکراوەتەوە لەژێر پلەی گەرمی (١٠٠٠) پاشان بە کەرەستەی شوشە ڕوپۆشکراوە بەم پێیەش دەتوانین بڵێین کە ئەم کارە لەڕوی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی هونەری سیرامیکییەوە کارێکی تەواو سەرکەوتوە.

## بەشی چوارەم: خستنەڕوی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان.

### ئەنجامەکان:

١- هونەری سـیرامیک لە ڕوی بەرجەسـتەکردنی بابەت و ناوەڕۆکەوە، بۆتە بەشـێکی کارا لە هونەری شـێوەکاری لە کوردسـتاندا، بە جۆرێک هاوتەریب بە هونەر بەریژێرێکە هەڵگری بابتگەلێکی زیندوە و تەنیا هۆکارێک نییە بۆ لایەنی ئیسـتاتیکی، بەڵکو بارگاویە بە بابەتێکی مرۆیی و نەتەوەیی و کەلتوری و سـایکۆیی و خودییەکان، لەم ڕوانگەیەشـەوە هەر هونەرمەندە و بە دیدگایەکی جیاوازەوە هەوڵی خسـتنەڕوی ڕەهەندە جیاواز و بونیاتنەرەکانی دیواربەندی سـیرامیکیان داوە.

٢- بەکارهێنانی گشـت تەکنیکەکانی بواری هونەری سـیرامیک لە کارە هونەرییەکان لای هونەرمەندان لە شـێوازی بەکاربردن و تەکنیکی دارشتەیی و جۆری خامەی بەکارهاتو لە کوردستاندا بەردەست دەکەوێت لە گڵی زەمینی، هەروەها بەشـێک لە کارە هونەرییەکان بە ڕەنگ و شـوشـە ڕوپۆشـکراون و هەندێک لە هونەرمەندان وابەسـتەی تەکنیکی سورکردنەوەی کارەکان بون یاخود تەکنیکی جیاوازیان بەکارهێناوە.

٣- هونەرمەندانی کورد لە بواری هونەری سیرامیکدا، بۆ دەرخستنی ڕەهەندە جیاواز و بونیاتەرەکان لە بەرهەمەکانیاندا، سیستەمی کۆمپۆزشنی جیاوازیان بەکارهێناوە لە فۆرمەڵەکردنی دیواربەندەکاندا، بە جۆرێک سودوەرگرتن لە توخمەکانی دارشتنی کاری هونەری بەتایبەتی لە هونەری نیگارکێشان و پەیکەرسازیدا، توانیویانە ڕەگەزەکانی وەکو بارستە و جوڵە و بۆشایی و تێکسچەر و ڕەنگ و هێڵەکانیان لە نێو بەرهەمەکانیاندا تەوزیف بکەن، لە پێناو بە دەرخستنی ڕەهەندە جیاوازەکان لە بۆتەیەکی هونەری و ئیستاتیکی دا.

## دەرئەنجامەکان:

بەپێی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەی ئێستا، توێژەر گەشتۆتە چەندین دەرئەنجام کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتیان دەکەینەوە.

١- هونەری سیرامکی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستاندا، ئاستی بەرایی و چێژی باو و سواوی دەیەکانی پێشوی تێپەڕاندوە لە بیندەیەکی هاوچەرخەوە دەڕوانێتە واقیع و هەوڵنادات شتەکان وەک خۆی کۆپی بکاتەوە، گۆڕانکارییەکان لە هونەری سیرامیک جیاوازە لە بەشەکانی دیکەی هونەری شێوەکاری، چونکە فۆڕمێکی پەتییە.

٢- هونەرمەندی بواری سیرامیک توانیویەتی بە هەمو قورسایەکانی ئەم بوارە لە دەستەبەربونی (خامە و شوشە) بۆ تەواوکەری بیرۆکەی هونەری لای هونەرمەندی کورد، لە تەواوی تاقیکردنەوە و ئەزمونە پراکتیکییەکانی لەسەر خامەی کوردستان، تاکو بگاتە ئەنجامێکی هونەری لە ڕوی بیرۆکەی خۆماڵی لە کارەکانیاندا.

٣- بواری (سیرامیک) چیتر بە تەنیا وەزیفەی ڕازاندنەوە و بە کاربردن نییە، بەڵکو لەم ڕێگەیەوە سیرامیک وەک نیگارکێشان و پەیکەرسازی و کایەکانی دیکە هەڵگری ناوەرۆکێکی هونەری و هزری و ئیستاتیکای خۆیەتی.

## ڕاسپاردەکان:

لەژێر تیشکی ئەنجام و دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەخاتەڕو لە بواری توێژینەوە لە هونەری شێوەکاری و بە تایبەت لە بواری هونەری سیرامیکدا کە پێویستمان بە توێژینەوەی زیاتر هەیە وەک تەواوکەری ئەم توێژینەوەیە ئەوانیش:

١- بەها جوانیناسیەکانی ڕەنگ و شوشە لە سیرامیکی هاوچەرخی هەرێمی کوردستاندا.

٢-مانا جوانکاری و هێماییەکان لە دیواربەندی سیرامیکی هاوچەرخدا، وەک شیکاریەکی ڕەخنەگرانە بۆ فۆرم و ناوەڕۆک.

٣-دیواربەندی سیرامیک و ڕۆڵ و کاریگەری لە هونەری پاش نوێگەریدا.

## لیستی سەرچاوە:


سروشت عومەر عنایەت ٢٠١٧، کاریگەری ماتریاڵ لەسەر هونەری پەیکەرسازی هاوچەرخ، نامەی ماستەر لە زانکۆی سلێمانی لە هەرێمی کوردستان، بەشی شێوەکاری، پسپۆری(پەیکەر)، کۆلێجی هونەر، زانکۆی سلێمانی.

شوانە محمد احمد ٢٠٢٣، دیزاینی بەرنامەیەکی فێرکاری پێشنیازکراو بۆ گەشەپێدانی لێهاتوییەکانی بابەتی دارشتنی سیرامیک لای خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی چەمچەماڵ، نامەی ماستەر لە زانکۆی سلێمانی لە هەرێمی کوردستان، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، بەشی پەروەردەی هونەری، زانکۆی سلێمانی.

كوردستان حسن حسێن٢٠١٧، هاوشێوەیی لە نێوان جەستەی ژن و فۆرمی سیرامیكی هاوچەرخ لە هەرێمی كوردستان، نامەی ماستەر لە زانكۆی سلێمانی لە هەرێمی كوردستان، بەشی شێوەكاری، پسپۆری (سیرامیک)، كۆلێجی هونەر، زانكۆی سلێمانی.

فەرەیدون عومەر نادر٢٠٢٣، كاریگەری پرۆگرامێكی فێركاری بۆ گەشەپێدانی لێهاتویی خوێندكارانی پەروەردەی هونەری لە بابەتی دیواربەند-سیرامیک و ئاراستەیان بەرامبەری، نامەی ماستەر لە زانكۆی سلێمانی لە هەرێمی كوردستان، كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، بەشی پەروەردەی هونەری، زانكۆی سلێمانی.

هونەر محمد تۆفیق٢٠٢٣، ڕەنگدانەوەی بیرەوەریەكانی جەنگ لە هونەری سیرامیكی هاوچەرخدا لە هەرێمی كوردستان، نامەی ماستەر لە زانكۆی سلێمانی لە هەرێمی كوردستان، بەشی شێوەكاری، پسپۆری(سیرامیک)، كۆلێجی هونەر، زانكۆی سلێمانی.

أندرية بارو١٩٨٠، سومر فنونها وحضارتها . ت ، د. سلمان عيسى وأحمد التكريتي، بغداد: دار الحرية للطباعة.

بركات سعيد محمد٢٠٠٨، الفن الجدارى (الخامة – الغرض – الموضوعات)، الطبعة الأولى، المصر.

جميل صليبا١٩٧٧. المعجم الفلسفي، الهيئة العامة لشؤون المطابع الاميرية, القاهرة.

خيرية محمد عبد العزيز٢٠٢٢، الابعاد الفلسفة للتجريب فى الحركة التفاعلية كمدخل لاثراء التذوق الفنى بالتصوير الجدارى المعاصر، المجلة العلمية بحوث فى العلوم و الفنون النوعية، المجلد السابع عشر/ العدد الاول، يونية.

زهير صاحب ٢٠٠٤، الفنون السومرية، بغداد: أيكا للطباعة والنشر.

شمس الدين فارس١٩٧٤، المنابع التاريخيه للفن الجداري في العراق المعاصر، وزاره الاعلام مديريه الثقافه العامه، بغداد.

عبير عبدالله شعبان جوهر٢٠١٧، التنوع الحضاري واثره علي الصياغات الجمالية للفسيفساء الخزفية في الفن االسالمي، مجلة العمارة والفنون، العدد السابع، جامعة المنوفية، جامعة المنوفية.

منى فتحى محمد٢٠٢١، التشكيل باالحبال كقيمة خطية لعمل بلاطات جدارية خزفية، مجلة العمارة و الفنون والعلوم الانسانية، المجلد السادس، العدد السادس والعشرون، جامعة اسوان، المصر.

نعيمة محمد عبدالله ٢٠٠٧، الخزف المعاصر فى الكردستان العراق سماته و مضامنه الفنية، رسالة ماجستر مقدمة الى كلية فنون جميلة، جامعة السليمانية.

مرقص عوديشو ١٩٨٧، واقع فن الرسم الجداري في العراق وامكانيه تطويره، رساله مقدمه الى مجلس كليه الفنون جميله جامعه بغداد.

ولاء جمال انور٢٠١٩، الصياغات التشكيلية للجدارية الخزفية المعاصرة و دوروها الجمالى كمكمل معمارى، المجلة المصرية للدراساة المتخصصة-العدد(٢٤)، اكتوبر.

https://www.hildrethmeiere.org/files/downloads/Municipal-Center-Murals-Tom-Folk-Article-Hildreth-Meiere.pdf

https://www.hildrethmeiere.org/files/downloads/Municipal-Center-Murals-Tom-Folk-Article-Hildreth-Meiere.pdf

https://ferrincontemporary.com/portfolio/paul-scott/

https://artemagazine.it/2022/10/03/curiosa-meravigliosa-lopera-monumentale-di-joan-fontcuberta-per-palazzo-dei-musei-di-reggio-emilia/

http://monicarudquist.com/584993/home/

http://tomradca.com/index.php

[1] **هەرەمی زوسەر** دەکەوێتە گوندی سەقارە لە کۆماری میسری عەرەبی، و بە یەکێک لە شوێنەوارە بەناوبانگ و گرنگەکانی میسر دادەنرێت، یەکەم هەرەمی دروستکراوی میسرییە کۆنەکانە، جگەلەوەی کۆنترین پێکهاتەی بەردی میسری کۆنە کە تا ئێستا ناسراوە، بەهۆی قەبارە زەبەلاحەکەی و تەلارسازییە سەرسوڕهێنەرەکەیەوە جیادەکرێتەوە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای بنەماڵەی سێیەم، دەکرێ بڵێین هەرەمی زوسەر تەنها هەرەمێک نییە، بەڵکو تەواوی کۆمەڵگەیەکی شوێنەوارییە، هەرەمەکە بە هەرەمی پلیکانەیی سەقارە ناسراوە، زوسەر کە ناوی هەرەمەکەی هەڵگرتوە، پاشای دوەمی شانشینی سێیەمە و ئەوکەسە بوە کە سەرپەرشتی دروستکردنی هەرەمەکەی کردوە، یەکەم پادشا بوە کە لە شاری مەمفیس نیشتەجێ بو، کە لە لایەنی سیاسی و کولتوری و کۆمەڵایەتییەوە بەشداربو لە خۆشگوزەرانی و گەشەسەندنی ناوچەکە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: https://egyptencyclopedia.com

[2] **خوان میرۆ فیْرا-** Joan Miro: لە ٢٠ی نیسانی ١٨٩٣ لە شاری بەرشەلۆنە لەدایکبوە. لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا چوە قوتابخانەی بازرگانی لە بەرشەلۆنە و هەروەها لە هەمان شار لە قوتابخانەی ئیسکۆلا دی ئارت خوێندویەتی، لە ساڵی ١٩٢٠ میرۆ یەکەم گەشتی بۆ پاریس ئەنجامدا و لەوێ پابلۆ پیکاسۆی ناسی. هەر لە وڵاتانی ئەوروپی ئاشنا بو بە زۆرێک لە قوتابخانەو ڕێبازە هونەرییەکانی ئەوکاتە، یەکەم نمایشی گەورەی میرۆ لە ساڵی ١٩٤١ لە مۆزەخانەی هونەری مۆدێرن لە نیویۆرک بەڕێوەچو. لە ساڵی ١٩٤٤ دەستی بە کارکردن کرد لە بواری سیرامیکدا و لە ساڵی ١٩٥٨ خەڵاتی نێودەوڵەتی گوگنهایمی پێبەخشرا بۆ دیواربەندی سیرامیکی بینای یونسکۆ لە پاریس. ساڵی دواتر دەستی بە نیگارکێشان کردەوە، لە ماوەی شەستەکاندا دەستیکرد بە کاری چڕ لە بواری پەیکەرسازیدا، میرۆ لە ٢٥ی کانونی دوەمی ١٩٨٣ لە شاری پالما دی مایۆرکا لە ئیسپانیا کۆچی دوایی کرد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Joan Miró | The Guggenheim Museums and Foundation

[3] **هیلدرێس مێر-** Hildreth Meiere : هونەرمەندی (دیواربەندی، مۆزایک، نیگارکێش)، و هونەرمەندی دیکۆراتی (ئارت دیکۆ)یە، لە ساڵی ١٨٩٢ لە شاری نیویۆرک لە ماڵێکدا لەدایکبوە کە هونەر بەشێکی گرنگی ژیانیان بوە. لە تەمەنی هەرزەکاریدا بڕیاریدا ببێتە هونەرمەند و بردیانە شاری فلۆرانس لە ئیتالیا بۆ ئەوەی دەست بە خوێندن بکات، لەوێدا بەر هونەری کلاسیک و هونەرمەندە گەورەکانی سەردەمی ڕێنێسانس کەوت، لەگەڵ گەڕانەوەی بۆ ئەمریکا بەردەوام بو لە خوێندن لە خولی خوێندکارانی هونەر لە نیویۆرک و قوتابخانەکانی هونەر لە سانفرانسیسکۆ، هیلدریس مێر پێشەنگ بوە لە تێکەڵکردنی دیزاینی مۆدێرن لەگەڵ توخمەکانی شێوازە هونەرییەکانیتر، وەک بیزەنتین و یۆنانی کلاسیکی، یەکێک بو لە بەناوبانگترین هونەرمەندانی دیواربەندی سەدەی بیستەم لە ئەمریکا، لە ماوەی چل ساڵەی کارکردنیدا لە ساڵانی ١٩٢٠ تا مردنی لە ساڵی ١٩٦١. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Hildreth Meiere - Biography (askart.com)

[4] **وایلاند گریگۆری-**Wayland Gregory (١٩٠٥-١٩٧١)، خەڵکی (باکستەر سپرینگز، کانزاس)ە یەکێک بو لە داهێنەرترین و بەرهەمهێنەرترین پەیکەرسازی ستایلی (ئارت دیکۆ) کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بو بە نێودەوڵەتی. تەکنیکە پێشکەوتوەکانی وای لێکرد بەرهەمی سیرامیکی مۆنۆمێنتی دروست بکات، لەنێویاندا کانیاوی ئەتۆم بۆ پێشانگای جیهانی نیویۆرک لە ساڵی ١٩٣٩ وەک ڕێزلێنانێک بۆ وزەی ئەتۆمی دروستکرد، کە سەرنجی ئەلبێرت ئەنیشتاینی بەدەستهێنا. گریگۆری لە ڕێگەی هونەر و نوسین و وانەوتنەوەکانیەوە یارمەتی دەربو لە داڕشتنی جوانکاری ئارت دیکۆ لە سیرامیکەکانی ئەمریکا دا. یەکێک بو لەو هونەرمەندە کەمانەی سیرامیک لە سەردەمی پێش جەنگی جیهانی دوەمدا کە لە کارەکانیدا باسی نیگەرانییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کرد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:Waylande Gregory Art Deco Ceramics and the Atomic Impulse | MKBMA

[5] **پۆل سکۆت-** Paul Scott: هونەرمەند و نوسەر و پەروەردەکارە و هونەرمەندێکی گرافیکی سیرامیکیە، لە ساڵی ١٩٥٣ لەدایکبوە و لە قوتابخانەی ناوەندی هونەر و دیزاین لە لەندەن خوێندویەتی. سکۆت بە شێوازی داهێنەرانەی خۆی بۆ سیرامیک ناسراوە، زۆرجار وێنەی ئاڵۆزی چاپکراو دەخاتە سەر فۆڕمە سیرامیکەکان. ئەو ئیلهام لە سیرامیکی مێژوویی و هەروەها کولتوری هاوچەرخ وەردەگرێت، کارە هونەرییە تایبەتمەندەکانی دەتوانرێت لە زۆرێک لە مۆزەخانە و گەلەریەکاندا دانراوە، لەوانە: V&A لە لەندەن، مۆزەخانەی نیشتمانی لە ستۆکهۆڵم، National Kunstindustrimuseet لە ئۆسلۆ، مۆزەخانەی هونەر و دیزاین لە نیویۆرک. لە ساڵی ٢٠١٠ لەلایەن زانکۆی مانچستەر میترۆپۆلیتانەوە بڕوانامەی دکتۆرای پێبەخشراوە، هەروەها پرۆفیسۆری هونەری سیرامیکە لە ئەکادیمیای نیشتمانی هونەری ئۆسلۆ. ئەندامی دامەزرێنەری کۆمپانیای AIR و ئەندامی ئەکادیمیای نێودەوڵەتی سیرامیکە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Paul Scott: Bloomsbury Publishing (US)

[6] **خوان فۆنتكوبێرتا-Joan Fontcuberta**: لە ساڵی١٩٥٥ لە بەرشەلۆنە لەدایكبوە، هونەرمەند و وتارنوس و پەرەپێدەری هونەرە و پسپۆڕە لە بواری فۆتۆگرافیدا. مامۆستای پەیوەندی بینراو و بیستراو بوە لە زانكۆی پۆمپیۆ فابرا لە بەرشەلۆنە و مامۆستای میوان بوە لە زانكۆی هارڤارد لە كامبریج لە ویلایەتی ماساشوستس، كارەكانی لە نزیكەی سی مۆزەخانە و گەلەری هونەری لە ئەوروپا و ئەمریكا و ژاپۆن نمایشكراون، هەروەها خەڵاتی نیشتمانی فۆتۆگرافی لە ساڵی ١٩٩٨ پێبەخشراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: [Joan Fontcuberta | CCCB]

[7] **مۆنیكا ڕودكویست**-Monica Rudquis: لە ساڵی ١٩٦١ لە شاری( مینیاپۆلیسی) ویلایەتی مینیسوتا لەدایكبوە. باوكی ڕودكویست (جێری ڕودكویست) هونەرمەند و مامۆستای هونەر بوە لە كۆلێژی ماكالێستەر. دایكی(ڕاكیل ڕودكویست ) تەلارساز بوە لە كۆمپانیای تارگێت و یەكێك بوە لە یەكەم تەلارسازەكانی ژن لە ویلایەتی مینیسوتا. ئەو لە تەمەنێكی بچوكەوە بەهرەی و ئارەزوی گڵسازی هەبو و لەگەڵ (جیل كریستنسۆن) كاریكردوە كەتەمەنی تەنها دوانزە ساڵ بو. ڕودكویست دەڵێت كە باوكی گەورەترین ئیلهامبەخشی هونەرییەتی، ڕودكویست بڕوانامەی بەكالۆریۆسی لە كۆلێژی ماكالێستەر لە شاری (سانت پاوڵ) لە ویلایەتی مینیسوتا لە ساڵی ١٩٨٣ وەرگرتوە، لە ساڵی ١٩٨٥ ماستەرەكەی لە هونەرە جوانەكان / سیرامیک لە ئەكادیمیای هونەری كرانبروک لە بلومفیڵد هیلز، میشیگان وەرگرت، لە دامەزراوە جیاوازەكانی ڕۆژئاوای ناوەڕاست وانەبێژ بوە و لە ئێستادا پرۆفیسۆری یاریدەدەری سیرامیک و پەیكەرسازییە لە زانكۆی سانت كاترین.

[8] **تۆم ڕادكا**-Tom Radca: هونەرمەندێكی ئەمریكییە، لە دایكبوی ساڵی (١٩٥١)ە، لە ئێستادا خاوەنی ستۆدیۆ و شوێنی كاركردنی تایبەت بە خۆیەتی لە ئوهایۆ، سەرەتا بە دروستكردنی گۆزە و كاركردن بە ویلی خێرا دەستی پێكردوە، دوای حەوت ساڵ لە بەرهەمهێنانی گۆزە چەند كۆرسێكی تایبەت بە فێربونی تەكنیكە نوێیەكان وەردەگرێت، ئەمەش دەبێتە خاڵی وەرچەرخان لە شێوازی كاركردنی ڕادكا لە كاری كرداری و نەریتیەوە بۆ بۆ كاری هونەری نا تەقلیدی نوێ بە تایبەت لە بواری دیواربەندی سیرامیكیدا، ڕادكا هۆكاری ئەم گۆڕان سەركەوتنەی دەگەڕێنێتەوە بۆ مامۆستاكەی(نۆرمان شۆلمان) كە هاوكارێكی باشی بوە. ئەم هونەرمەندە بە یەكەم هونەرمەند دادەنرێت كە كارە سیرامیكەكانی لە تایلەند نمایش كردوە، لە ئێستادا هونەرمەند بەردەوامە لە وانە وتنەوەی سیرامیک بە خوێندكارەكانی لە ئۆهایۆ. بۆ وەركرتنی زیاتر دەربارەی ژیان و بەرهەمەكانی دەتوانیت بڕوانیتە:
http://tomradca.com/index.php